زەیدان وشاندی نەتەوە یەکگرتووەکان تاوتوێی دەسپێ گۆڕکانی گەندەڵی و سیستەمی دادوەری لە عێراق دەکەن

ئەمڕۆ چوارشەممە"فایق زەیدان"سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری،لەگەڵ "ئێک لوتسما" نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرنامەی گەشەپێدان لە عێراق، گفتوگۆیان لەسەر بەرەوپێشبردنی سیستەمی دادوەری و دەسپێ گۆڕکانی گەندەڵی لە عێراق کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا هاتووە:-"دادوەر فایق زەیدان " سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری،پێشوازی "ئێک لوتسما" نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرنامەی گەشەپێدان لە عێراق و وەفدی یاوەری کرد.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:-لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا باسیان لە هاوکاری هاوبەشی نێوان دەسەڵاتی دادوەری و بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە لە پەرەپێدانی سیستەمی دادوەری و دەسپێ گۆڕکانی گەندەڵی لە عێراق